# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

# پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## را پۆرتی چواردەیەم: حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان

### تشرینی دووەم ٢٠١٨

١/١٢/٢٠١٨

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| ٤ | پێشەکی |
| ٥ | کارنامەی یەکە |
| ٦ | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| ٨ | دەستپێک |
| ٨ | . رێژەی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان |
| ٨ | آ. نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار |
| ١٠ | ب. لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، هیچ ئامارێکی فەرمی نیە بۆ گیان لەدەستدانی نەخۆش لە ناو نەخۆشخانەکە. |
| ١٠ | ج. نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، لە قەزای کفری |
| ١١ | د. نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و منداڵبون |
| ١١ | ٣. هۆکاری حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانەکانی کەلار و کفری |
| ١٢ | آ. کەمی توانای (ئاست) نەخۆشخانەکان |
| ١٣ | ب. ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی |

| | |
|---|---|
| ٤. رێژەی گیان لەدەستدانی ژنان لە لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب چۆنە؟ | ١٤ |
| آ. نەبونی بەشی فریاکەوتنی ژنان و بوژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەکە | ١٥ |
| ب. هۆکارە پزیشکییە چاوەروانکراوەکان | ١٥ |
| ت. بەشودانی پێشوەختە و دوگیان بون لە خوار تەمەنی (١٨)ساڵیەوە | ١٦ |
| ث. ناتەندروستی تەمەنی دوگیانی لەلایەن دایکانەوە | ١٧ |
| ج. نەشتەرگەری مناڵبون | ١٨ |
| ح. یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان لە دادگا چی دەرخستوە؟ | ١٩ |
| ٥. پزیشکان لە بەرامبەر تاوانبارکردنیان بە هۆکاری گیان لەدەستدانی نەخۆش چی دەڵێن؟ | ١٩ |
| ٦. سکاڵای سەر پزیشکەکان تەنها لەسەر گیان لەدەست دانن؟ | ٢٠ |
| ٧. ئاستی رۆشنبیری خەڵک و زۆری سکاڵا لە بەرامبەر پزیشکان | ٢١ |
| ٨. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان | ٢١ |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | ٢٤ |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم راپۆرت:

### ١. دەستپێک

لەم راپۆرتەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا تیشک دەخەینە سەر سێ بابەت، کە خۆی دەبینێتەوە لە هۆکارەکانی حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانە گشتیەکانی گەرمیان بەبەراورد بە نەخۆشخانەی منالّ بون.

پزیشکانی پسپۆڕی بوارەکە لە درێژەی راپۆرتەکەدا هۆکارەکانی دەخەنەرو، یاساناسانیش باس لەوەدەکەن بەدەر لە هۆکارە پزیشکیەکان و ناهۆشیاری دایکان هۆکاری کەمتەرخەمی تەندروستکاران دەوری هەبوە لە بەرزی رێژەی مردنی دایکان لە نەخۆشخانەکە.

تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە لێکەوتەکانی نەبونی یاسایی پاراستنی پزیشکان. پزیشکان باسلەوەدەکەن کە نەبونی ئەم یاساییە وایکردوە زۆر جار روبەڕوی ناوزڕاندن ببنەوە و پێشیانوایە ژیانیان لە گەرمیان هیچ پارێزراو نیە و لایەنی ئەمنی نەخۆشخانەکانیش نەبونەتە هۆکار بۆ پاراستنی ژیانیان.

### ٢.رێژەی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان


لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هیچ ئامارێکی فەرمی نیە سەبارەت بە رێژەی گیان لەدەستدان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە تاوەکو ئێستا گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان وەک یەکێک لە روداوەکانی ناو نەخۆشخانە هەژمار نەکراوە.

#### أ- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار

لە بەشی ئامارەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، تاوەکو ئێستا جیاکاریان نەکردوە بۆ ئەو کەسانەی کە ساڵانە لەنەخۆشخانەکە گیان لە دەست دەدەن، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ماوەی یازدە مانگدا لە نەخۆشخانەکە وەفاتیان بۆ دەرکراوە (٤٠٠) چوارسەد کەس بون.

بەهۆی نەبونی ئاماری ورد و جیاکراوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئاماری گیان لەدەستدانی نەخۆش لەناو نەخۆشخانە و دەرەوەی نەخۆشخانەی بۆ تەنها یەک مانگ

وەرگرتوە، لە بەرواری (٢٠١٨/١٠/٢١) بۆ (٢٠١٨/١١/٢١)، ئامارەکەش بەم شێوەیەیە: لە ماوەی تەنها یەک مانگدا لەکۆی(٣٢) حاڵەتی گیان لەدەستدان تەنها (٥) حاڵەتیان لەناو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار گیانیان لەدەستداوە، وە بۆ دیاریکردنی ڕێژەکەشی لەم چارتەدا زانیاری زیاتر دەخەینە رو.




بەم نمونەییەی کە تەنها بۆ یەک مانگی ئەمساڵ وەرمانگرتوە دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لە ناو نەخۆشخانەکە تەنها (٪١٦) مردنی نەخۆشە، لەگەڵ ئەمەشدا حاڵەتەکانی سوتان بەڕێژەی زۆر و جەڵدەی مێشک و دڵ و مناڵی نابەکام لەگەڵ نەخۆشیە قورسەکانی دیکە لێرە نێردراون بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، بەشێکی زۆریان لەوێ گیانیان لەدەستداوە لێرە مردنەکەیان تۆمار نەکراوە.

ئارام ئەحمەد، بەرپرسی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی بریندارە قورسەکانی روداوی هاتوچۆ دەنێرینە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، مردنەکەیان دەچێتە ئاماری ئەو نەخۆشخانەیە، بۆیە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بە روداوی هاتوچۆ دەمرن لە گەرمیان لە ئاماری نەخۆشخانەکەی ئێمە کەمە بە بەراورد بە ئاماری بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان".

## ب- لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، هیچ ئامارێکی فەرمی نیە بۆ گیان لەدەستدانی نەخۆش لە ناو نەخۆشخانەکە

د. عەدنان تۆفیق، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، سەبارەت بە رێژەی مردن لە نەخۆشخانەکەیان باسلەوەدەکات: تاوەکو ئێستا رێژەی مردنیان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار دیاری نەکردوە، ئەوەی کە هەیە و دیارە ئەتوانین بڵێین لە سەدا یەک کەمترە، چونکە ئاماری فەرمیمان لەبەردەستدا نیە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە ئاماژە بەوەشدەکات: لەماوەی دەستبەکاربونی لە نەخۆشخانەکە تاوەکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی مردنی نەخۆش لە هۆڵی نەشتەرگەری و بەشی داخلکردنی نەخۆش تۆمار نەکراوە.

دەشڵێت: ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە چەندین نەشتەرگەری قورس بۆ نەخۆش کراوە و زۆریش سەرکەوتو بوە.

## ت- نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، لە قەزای کفری

رێژەی مردن لە لەخۆشخانەکەی قەزای کفریش بەهەمان شێوەیە، رێژەی مردن تێیدا لە ئاستێکی زۆر کەمدایە وەک بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی خالید گەرمیانی لە قەزای کفری ئاماژەی بۆ دەکات.


هێمن محەمەد، ئاماژەی بۆئەوە کرد لەم ساڵدا تەنها یەک حاڵەتی گیان لەدەستدان لە ناو نەخۆشخانەکەیان تۆمارکراوە "بۆ ئەمساڵ تەنها یەک حاڵەتی گیان لەدەستدان هەبوە لە نەخۆشخانەکەمان ئەویش منداڵێکی نابەکام بوە پاش داخلکردنی بۆ ماوەی دو رۆژ گیانی لەدەست داوە".

سەبارەت بە هۆکاری گیان لەدەست دانەکەشی وتی: "هۆکاری گیان لەدەستدانەکەی ئیهمالی خێزانەکەیان بوە چونکە باری تەندروستی مناڵەکە تەواو تێکچوبو ئەوکات هێنابویانە نەخۆشخانە، پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە داخلمانکرد پزیشکی پسپۆڕی منالآن چاودێری باری تەندروستی دەکرد، لەبەر ئەوەی پزیشکی نەخۆشخانەکە دەیزانی کە بینێرینە سلێمانی ئەوکات لە ئەمبۆلآنسەکە هەر گیان لەدەست دەدات بۆیە ئیحالەمان نەکرد".

بۆ حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە کاتی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکە، هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە ئاماژە بەوەدەکات کە لە ئەمساڵدا هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانیان نەبوە.

## ث- نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و منداڵبون

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و منداڵبون بەتەنها لەم ساڵدا (٣) حاڵەتی گیان لە دەستدان تۆمارکراوە، ئەم سێ حاڵەتەش لە کاتی نەشتەرگەری بوە، بە پێی ئامارەکانی نەخۆشخانەکە بۆ یازدە مانگی ئەمساڵ (٦٦٦) شەسەد وشەست وشەش حاڵەتی نەشتەرگەری سارد بۆ منداڵبون کراوە لەگەڵ (٩٣٧) نۆسەد وسی وحەوت نەشتەرگەری گەرم واتە(ئیمێرجنسی). لەم چارتەدا زانیاری زیاتر خراوەتە رو




## ٣. هۆکاری حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانەکانی کەلار و کفری

لە هەمو جیهان بەزۆری نەخۆش لە نەخۆشخانە دەمرێت، چونکە نەخۆشخانە ئەو شوێنەیە کە نەخۆشی تێدا چارەسەر دەکرێت وە نەخۆشیش تێیدا گیان لەدەست دەدات، کەواتە بۆچی لە گەرمیان نەخۆش لە نەخۆشخانەکانیدا نامرێت یان رێژەکەی بۆ کەمە؟

لەکاتی بەدواداچونەکاندا بەشێک لە پزیشکانی پسپۆر و تەندروستکاران لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان ئەم بابەتە وابەستە دەکەن بە چەند هۆکارێکەوە کە لێرەدا دەیخەینە رو.

### ‌ا- کەمی توانای (ئاست) نەخۆشخانەکان

نەخۆشخانە ئەگەر رێژەی مردنی بەم شێوەیەبێت کە لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هەیە دەرخەری ئەوەیە توانای نەخۆشخانەکە لە ئاستی پێویستدا نیە بۆیە ناتوانرێت تەواوی جۆرە جیاوازەکانی نەخۆشی لە بەشەکانی نەخۆشخانەکانەکەدا داخلبکرێن یاخود نەشتەرگەریان بۆ بکرێت، سەرئەنجامیش نەخۆش لێرە نامرێت، چونکە باری تەندروستی نەخۆشەکە ناجێگیربێت یان لە ئاستێکی قورسبێت ئەو کات ئامێر و پێداویستیە پزیشکیەکانی ئەم نەخۆشخانەیە توانای کۆنترۆڵکردنیان نیە.

هەروەها پزیشکی نیشتەجێی دێرین نیە بۆ چاودێریکردنیان، بۆیە دەنێردرێنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، چونکە توانای نەخۆشخانەکانی سلێمانی بە بەراورد بە گەرمیان بەرزترە.

د. عەدنان تۆفیق، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەربارەی توانای نەخۆشخانەکەیان دەڵێت: "لە راپۆرتەکانی پێشوتری یەکەی چاودێری، ئاماژەم بەوە کردبو کە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، توانای وەرگرتنی نەخۆشیە قورسەکانی نیە، واتە ئەوانەی کە پێویستیان بە بەشەکانی بوژانەوەی دڵ و چاودێری وردە کە باری تەندروستیان زۆر ناجێگیرە و ئەگەری گیان لەدەستدانیان زۆرە".

وتیشی: "چونکە نەخۆشخانەکەی ئێمە توانای گلدانەوەی ئەو نەخۆشانەی نیە بۆیە رێژەی مردنی بەم شیوەیە نزمە".

پزیشکێکی پسپۆڕی منداڵان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، باسلەوەدەکات نەبونی رێژەی مردن لە نەخۆشخانە، واتە ئەو نەخۆشخانەیە توانای نزمە.

د. ریاز عبدولجەبار، دەڵێت: "ئەگەر سەیری رێژەی مردنی منداڵ بکەین لە نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی بە بەراورد بە بەشی منداڵانی کەلار دەبینین لەویێ رێژەکە بەرامبەر بەئێرە زۆر جیاوازە، چونکە ئێمە لێرە رێژەکەمان سفرە کەواتە توانای نەخۆشخانەکەی ئێمە نزمە".

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، ئاماژەبەوەدەکات " ئەو نەخۆشانەی بزانین لێرە دەتوانرێت چارەسەری بۆ بکەین ئەوا دەیهێڵینەوە لە بەشی داخلکردنی نەخۆشخانەکە، بەڵام بۆ حاڵەتەکانی دیکە کە لە توانای نەخۆشخانەکەمان نیە وەک شکاوی یان خوێنبەربون ئەوا ئەو فریاگوزارییە سەرەتایانەی کە پێویستە

دەستبەجێ بۆیان دەکرێت دواتر دەیاننێرین بۆ نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، ئەگەر حاڵەتەکە لەوێش توانای چارەسەرکردنی نەبو ئەوکات دەنێردرێتە نەخۆشخانەکانی سلێمانی".

وتیشی: حاڵەتەکانی وەک جەڵدەی دڵ و مێشک لێرە ناهێڵدرێتەوە هەر بۆیە لێرە رێژەی مردن لە نەخۆشخانەکان بەم شێوەیە کە ئێستا هەیە.

حاڵەتەکانی گیان لە دەستدان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، ئەو کەسانەن کە تەمەنیان زۆرە یان لەکاتی روداوی هاتوچۆ زۆر بە قورسی بریندار دەبن.

ئارام ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، دەڵێت: "حاڵەتەکانی گیان لە دەستدان بەشێکیان ئەو کەسانەن کە تەمەنیان زۆرە بەهۆی پەکەوتنی دڵیانەوە گیانلەدەست دەدەن، بەشێکی دیکەشیان ئەوانەن کە لەکاتی روداوی هاتوچۆ زۆر بە قورسی بریندار دەبن، کە دەیانهێننە بەشی فریاکەوتن پزیشکەکان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن، بەڵام گیان لەدەست دەدەن، بەشەکەی دیکەشیان ئەوانەن کە توشی جەڵدەی دڵ ومێشک دەبن راستەوخۆ پاش گەیاندنیان بە نەخۆشخانە دوای هەندێک چارەسەر گیان لەدەست دەدەن لەگەڵ چەند حاڵەتێکی دیکەی مردن بە هۆکاری جیاجیا لە نەخۆشخانەکە کە رۆژانە تۆمار دەکرێن".

## ب- ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

"کە نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان نامرێت هۆکارەکەی هەر ئەوەیە کە نەخۆشیە کوشندەکان لیرە گلنادرێنەوە". د. عەدنان تۆفیق، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ، وادەڵێت.

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بەشی زۆری حاڵەتە گەرم و قورسەکان تێیدا دەنێردرێنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی بە تایبەت ئەو حاڵەتانەی پەیوەستن بە بەشەکانی بوژانەوەی دڵ و چاودێری ورد.

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، باس لەو حاڵەتانە دەکات کە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی و دەڵێت: "بەگشتی هەمو جۆرەکانی نەخۆشی دەنێرین، وەک جەڵدەی دڵ و مێشک و نەخۆشیەکانی منالان، بەهۆی نەبونی بەشی بوژانەوەی دڵ هەروەها نەبونی بەشی چاودێری ورد کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ناردنی نەخۆش و مەترسیشە بۆ سەر ژیانی نەخۆشەکە".

بەڵام بۆ حاڵەتە ساردەکانیش لە گەرمیان هەندێکجار نەخۆش دەنێرنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی پاشان هەندێکیان لەوێ گیان لەدەست دەدەن.

پسپۆرێکی نەخۆشیەکانی دڵ ئامادەبەوەدەکات، لەبەر پاراستنی ژیانی نەخۆشەکان ئامۆژگاریان دەکەین لێرە نەشتەرگەری نەکەن.

د.عەدنان تۆفیق، پزیشکی پسپۆڕی دڵ، دەڵێت: "هەندێک لە نەشتەرگەرییە ساردەکان پێش نەشتەرگەری دەنێردرێنە لای پزیشکی بەشە جیاجیاکان، بۆ نمونە بەشی دڵ و هەناوی بۆ ئەوەی بزانن ئەو نەخۆشانە دڵیان بەرگە دەگرێت ئەگەر بەرگە ناگرێت پێویستە پێش نەشتەرگەری چی بۆ بکەین یان دوای نەشتەرگەری چی بۆ بکرێت، ئەگەر بۆمان دەرکەوت ئەو نەخۆشە لە دوای نەشتەرگەری پێویستی بە بەشی چاودێری وردە ئەوە ئەوکات ئامۆژگاریان دەکەین کە نەشتەرگەریەکە لە شوێنێک بکرێت کە بەشی چاودێری وردی هەبێت بۆیە پێویست دەکات لە سەنتەری شارەکان نەشتەرگەریەکەی بۆ بکرێت".

سەبارەت بەوەی کە هاوڵاتیان پێیانوایە پزیشکانی گەرمیان توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیە قورسەکانیان نیە بۆیە دەیانێرنە سلێمانی، د.عەدنان تۆفیق، دەڵێت: "هاوڵاتی دیوێکی ئەم بابەتە دەبینێت، بەڵام ئێمە هەردو دیوی ئەم مەسەلەیە دەبینین ئەو دیوە دەبینین کە توانای نەخۆشخانەکەمان لە چ ئاستێکدایە، گومانمان لە توانای پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە نیە، ئەو نەخۆشانەی دەیاننێرین بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی ئاستی پزیشکەکانیان هەر وەک ئەوانەی گەرمیانە، تەنانەت هەندێک لەو پزیشکانە خوێندکاری ئەم پزیشکانەی گەرمیان بون".

پزیشکانی گەرمیان چۆن هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ناردنی نەخۆشەکەیان ئایا لێرە ناتوانن لە مردن رزگاریان بکەن؟

د. بەناز جەلیل، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و مناڵبون لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، وتی: "پزیشک خۆی هەڵسەنگاندن بۆ نەخۆشەکە دەکات ئەگەر زانی ناردنەکە بۆ نەخۆشەکە باشترە ئەوکات دەینێرێت، گینا ئەوەی ئێمە لە تواناماندا هەبێت لێرە بۆ نەخۆشی دەکەین".

## ٤. رێژەی گیان لەدەستدانی ژنان لە لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب چۆنە؟

لەماوەی ئەمساڵدا تاوەکو ئێستا (٣) حاڵەتی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون تۆمارکراوە، لە پشت ئەم رێژەیەی مردنی دایکان کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە لێرەدا دەیانخەینە رو.

### أ- نەبونی بەشی فریاکەوتنی ژنان و بوژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەکە

نەبونی بەشی فریاکەوتن و چاودێری ورد لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، کە تایبەتە بە ژنان و منداڵبون بوەتە جێگەی مەترسی بۆ سەر ژیانی ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی نەشتەرگەری منداڵبوندا توشی تێکچونی لەناکاوی باری تەندروستی دەبنەوە.

کوێستان حسێن، لێپرسراوی هۆڵی منداڵبون لە نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "ئەو دایکانەی لە کاتی نەشتەرگەری توشی ناجێگیری باری تەندروستی دەبنەوە وەک بەرزبونەوەی پەستانی خوێن یان خوێنبەربونی بەردەوام و نەمەینی خوێنەکەیان، لەبەر مەترسی لەسەر ژیانیان زۆرجار دەبێت بینێردرین بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی".

هەروەها گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ئاماژە بەوەدەکات بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکەیان بتوانێت خزمەتی زیاتر بکات پێویستیان بەوەیە بەشی فریاکەوتنی تێدابکرێتەوە و دەڵێت: "هەندێک حاڵەت پێویست دەکات بەوردی چاودێری بارودۆخیان بکرێت و ببرێنە بەشی فریاکەوتن وە پاشان بۆ بەشی چاودێری ورد ئەم بەشەش لە نەخۆشخانەکەماندا نیە".

### ب- هۆکارە پزیشکییە چاوەڕوانکراوەکان

لەکاتی گیانلەدەستانی دایکان لە هۆڵەکانی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکان یاخود لە هۆڵەکانی لەدایکبون چەندین هۆکاری پەیوەندی دار بە تەندروستیەوە هەیە.

د.سەنا محەمەد، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لە قەزای کەلار ئاماژە بۆ ئەوەدەکات هەندێکجار بەهۆی گەرانەوەی دڵۆپێک لە ئاوی منداڵەکە بۆ سیەکانی دایکەکە دەبیتە هۆکاری گیان لەدەستدانی دایکەکە: "لەکاتی نەشتەرگەری یان لە دایکبونی ئاسایی، ئەم حاڵەتە ئەگەری رودانی هەیە کە دڵۆپێک لە ئاوی منداڵەکە بگەڕێتەوە بۆ سیەکانی ئەو دایک وە ئەوکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە دایکەکە توشی جەڵدەی سنگ ببێت و بەو هۆیەشەوە گیان لەدەستدەدات".

هەروەها خوێن نەمەیی دایکانی دوگیان لەکاتی نەشتەرگەری و منداڵبون یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی مردنی ژنان لە نەخۆشخانەکە لەسەر ئەم هۆکارەش د.سەنا محەمەد، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و منداڵبون، لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، باسلەوەدەکات: "خوێن نەمەین یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی مردنی دایک لە کاتی نەشتەرگەری".

بۆ ئەم حاڵەتانەش نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لە قەزای کەلار، تاوەکو ئێستا هیچ بانکێکی خوێن و پلازمای تێدانیە.

حاڵەتێکی دیکە کە گیان لە دەستدانی دایکەکەیەی لێ دەکەوێتەوە بەهۆی ترسەوەیە، یەکێک لەو دایکانەی لە ماوەی ڕابردودا لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بە هۆکاری ترسان و بورانەوەی ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کرا، بەڵام هەر بەم هۆکارە گیانی لە دەستدا.

سەبارەت بەم ڕوداوە د.بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب و پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و مناڵبون لە گەرمیان، دەڵێت: "یەکیکی دیکە لە هۆکارەکانی مردنی ژنان لە کاتی لەدایکبونی مناڵدا بەهۆی ترسەوەیە".

د.بەناز جەلیل، ئەم ڕوداوە ڕوندەکاتەوە و باسلەوەدەکات ئەو دایکەی بەم حاڵەتە مردوە هەر لە کاتی داخلکردنی لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لەترسا بوراوەتەوە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم دایکە حاڵەتەکەی تایبەتە ڕەوانەی سلێمانیان کردوە بۆ ئەوەی لەوێ ڕێوشوێنی وردی بۆ بگیرێتەبەر بۆ سەلامەتی ژیانی دایک و مناڵەکەی، بەڵام لەکاتی داخلکردنی پێش نەشتەرگەری بەهۆی زۆری ترسەوە ئەم دایکە گیان لەدەستدەدات، ئەم حاڵەتەش بەوە ناودەبات کە قابیلی قبوڵە لە زانستی پزیشکی، چونکە لە ئەگەری ترسێکی زۆر مرۆڤ توشی بارێکی ناجێگیر دەبێت لە جەستەداو ئەگەری مردنی هەیە.

## ت- بەشودانی پێشوەختە و دوگیان بون لە خوار تەمەنی (١٨)ساڵیەوە

وەک پسپۆرانی بواری تەندروستی ئاماژەی بۆ دەکەن هاوسەرگیری پێشوەختە یەکێکە لە هۆکارەکانی گیان لە دەستدانی دایکان لە کاتی دوگیانبون یاخود لە کاتی لە دایک بونی مناڵەکەیان.

هەر بەم هۆکارەش پسپۆرانی پزیشکی هۆشداریان داوە لە ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان، بەڵام ئەم دیاردەیە لەو کۆمەڵگایانەی هێشتا ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کەمە، ڕێژەی مردنی دایکان بەم هۆیەوە لە ئاستێکی بەرزداییە.

لە گەرمیانیش بەهۆی نزمبونی ئاستی هۆشیاری لە ڕوی تەندروستیەوە بەپێی بەدوداچونەکانی یەکەی چاودێری زۆرێک لە حاڵەتە نەخوازراوەکان لەو دایکانە ڕوی داوە کە هاوسەرگیری پێێشوەختەیان کردوە، جا لە دوگیان بونی یەکەمی بێت یاخود لە دوگیان بونەکانی دیکەی.

د.بەناز جەلیل، پسپۆر لە نەخۆشیەکانی ژنان و مناڵبون، هاوکات بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، باسلەوەدەکات کە خودی دوگیان بون مەترسیە بۆ سەر ژیانی دایکان، هەربۆیە مردنی دایک بە حاڵەتێکی چاوەروانکراو دەزانێت بەتایبەت لەو شوێنانەی کە دایکان هۆشیاری تەندروستیان کەمە.

ئاماژە بەوەشدەکات کە ژنان لێرە لە تەمەنێک دوگیان دەبن کە مەترسیەکانی سەر ژیانیان زیاتر دەبێت ئەویش تەمەنی خوار (١٨)ساڵ و سەرو(٣٥) ساڵیە: "لێرە فەرهەنگی خەڵکەکە وایە پێیان ئاساییە کچیان لە خوار هەژدە ساڵیەوە هاوسەرگیری بکات بەمەش لە کاتی دوگیان بون مەترسی تەواو لەسەر ژیانی ئەو دایکە دروست دەبێت دواتریش کە توشی حاڵەتی نەخوازراو دەبێت پزیشک تاوانباردەکرێت، چونکە ئاستی هۆشیاریان زۆر نزمە لە روی زانستی پزیشکیەوە".

هۆکاری مەترسیەکانیش بۆ سەر ژیانی ئەو دایکانەی کە هاوسەرگیری پێشوەختەیانکردوە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لە روی جەستەییەوە ئەو دایکە هێشتا ئامادە نیە "تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵی ژنان لە روی پزیشکی و تەندروستیەوە جەستەیان ئامادەی تەوای تێدا نیە بۆ دوگیان بون، لە ئەگەری دوگیان بونیشدا مەترسیەکان بۆ گیان لە دەستدانی دایکەکە یاخود مناڵەکە چەند هێندە زیاترە لە گیان لە دەستدانی دایکێک لە سەرو تەمەنی ١٨ ساڵیەوە هاوسەرگیری دەکات".

## ث- ناتەندروستی تەمەنی دوگیانی لەلایەن دایکانەوە

بەپێی ئامارەکان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب و بە وەرگرتنی لێدوانی پزیشکانی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی ژنان و مناڵبون، لە گەرمیان بەشێکی زۆری ژنان لەم سنورە ژمارەیەکی زۆر مناڵیان دەبێت لە گەڵ ئەمەشدا لەسەرو تەمەنی تەندروستەوە دوبارە دوگیان دەبنەوە بەمەش مەترسیەکان لە سەر ژیانیان چەند هێندە دەبێت.

وەک بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: "بەشێک لەو دایکانەی کە روبەڕوی مردن دەبنەوە لەکاتی دوگیانی یان لەکاتی لەدایکبونی مناڵەکەیان ئەوانەن کە تەمەنیان سەرو (٣٥) ساڵ و (٤٥) ساڵیە و زیاد لە پێنج بۆ شەش مناڵیان هێناوە، بەم تەمەنەش هێشتا هەر دوگیان دەبن، لەم حاڵەتەشدا دایکەکە مەترسییەکان بۆ سەر ژیانی لە کاتی دوگیانی یاخود کاتی لەدایکبونی مناڵەکەی چەند هێندە دەبێت ئەمەش دیسان پەیوەستە بە فەرهەنگی کۆمەڵگا و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کە ژنان لێرە بێ گوێدانە باری تەندروستیان ژمارەیەکی زۆر مناڵیان دەبێت."

## ج نەشتەرگەری منداڵبون

"یەکێک لە خاڵەکانی پێشکەوتنی وڵاتان بە رێژەی مردنی دایک دیاری دەکرێت" د.بەناز جەلیل پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان، وادەڵێت.

بەدەر لەو هۆکارانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکردوەو رونمانکردۆتەوە خواستی دایکان بۆ نەشتەرگەری منداڵبون لە ئێستادا بوە بە یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ناهۆشیاری دایکان لە مەر ئەم کێشەیە.

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو رویان لە نەشتەرگەری کردوە بۆ منداڵبون کە مەترسیەکانی گیان لەدەستدانی دایکان چەند هێندەدەکات، لە ئێستادا وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم چەندین رێنمای دەرکردوە بۆ کەمکردنەوەی نەشتەرگەری منداڵبون لە نەخۆشخانە حکومیەکان مەرجی داناوە بۆ کردنی نەشتەرگەری منداڵبون لە نەخۆشخانەکان، وە تێیداهاتوە کە نەشتەرگەری تەنها بۆ ئەو دایکانە دەکرێت کە بە لە دایکبونی ئاسایی مەترسی لەسەر ژیانی دایک و منداڵەکەی دروست دەبێت، ئەمەش بوە بەهۆکارێک بۆ ئەوەی هاوڵاتیان گلەیی زۆر بکەن لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب و هەندێکجار گەشتوەتە ئەوەی توشی کێشە بونەتەوە لەگەڵ هاوڵاتیان.

وەک گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە ئاماژەی بۆ دەکات، نەخۆش هەبوە باری تەندروستی زۆر جێگربوە، بەڵام هەر پێداگری کردوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت بە نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پزیشکانی نەخۆشخانەکە بە گوێرەی رێنمایەکانی وەزارەت نەیانتوانیوە نەشتەرگەری بۆ بکەن و بە پێی زانیاری خۆشیان زانیویانە ئەو نەخۆشە پێویستی بە نەشتەرگەری نیە، کەچی نەخۆش و کەسوکارەکەی توشی دەمەقاڵێیانکردوە، ئەمەش بە هۆکاری ناهۆشیاری هاوڵاتیان لە سەر ئەم بابەبەتانەیە.

گۆران محەمەد، دەشڵێت: "باشتر وایە وەزارەت بۆ نەخۆشخانەو نۆرینگە ناحکومیەکانیش رێنمای هاوشێوەی کەرتی حکومی دەربکات بۆ نەشتەرگەری منداڵبون تاوەکو ئەم حاڵەتە کەم بێتەوە".

لەسەر ئەم بابەتە، د.بەناز جەلیل، پسپۆڕی نەخۆسیەکانی ژنان، باسلەوەدەکات کە ژنان بە بەردەوامی داوای نەشتەرگەری دەکەن "نەخۆش هەبوە سێجار پێش ئەوەی منداڵی ببێت پێی وتوم کە حەزی لێیە بە نەشتەرگەری منداڵی ببێت، بەڵام بۆم رونکردۆتەوە کە لە روی تەندروستیەوە ئەو بە سەلامەتی منداڵەکەی دەبێت ئەگەر پێویستی کرد ئەوکات نەشتەرگەری بۆ دەکەین، بەڵام ئەم کەسە بۆ سێیەم جاریش بە هەمان تەفاسیل بۆم رونکردۆتەوە، بەڵام ئەو لەسەر قسەی خۆی سور بوە بە نەشتەرگەری منداڵی ببێت!".

## ح یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان لە دادگا چی دەرخستوە؟

بەشێک لە حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان پزیشکان تۆمەتبار دەکرێن بە کەمتەرخەمی، پارێزەری چەند دۆسیەیەکی هاوشێوەیش دەڵێت بەشێکی دۆسیەکان دەرخەری ئەوەن کەمتەرخەمی لەلایەن پزیشکانەوە هەیە.

دەربارەی ئەوکەیسانەی کە لەدادگا یەکلابونەتەوە تاچەند پزیشکان تاوانبارن، پارێزەر ئاریان عوسمان، کە پارێزەر بوە لە چەندین دۆسییەی پەیوەست بە تەندروستیەوە، دەڵێت: "بەشی زۆری کێشەکان لە بەشی منداڵبون (ولادە) سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە ئەنجامەکەی دەرخەری ئەوەبوە کە پزیشکەکانیش کەمتەرخەمیان هەبوە".

## ٥. پزیشکان لە بەرامبەر تاوانبارکردنیان بە هۆکاری گیان لەدەستدانی نەخۆش چی دەڵێن؟

"هیچ پزیشکێک یاخود کارمەندێکی تەندروستی پێیخۆش نیە نەخۆشەکەی گیان لەدەست بدات". هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، وادەڵێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی گیانلەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، پزیشکان تۆمەتباردەکرێن، لەسەر ئەمەش پزیشکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە خەڵکی ئێرە کارە باشەکانیان لە پێش چاو نیە.

د. بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لە قەزای کەلار، دەڵیت: "خەڵک گلەیی لە خودا دەکەن جا لە پزیشک چۆن ڕەخنەو گلەیان نیە". باسلەوەش دەکات خەڵکی بێئەوەی لەلایان گرنگ بێت کە ئەو پزیشکە لەوان دڵسۆزترە بۆ نەخۆشەکانی دێن چەندین قسەی ناڕەوا و بەرامبەر بەو پزیشکە دەکەن و کارە باشەکان نابینن، کەچی ئەگەر کارێک کە لەدەسەڵاتی پزیشکەکەش نەبێت روبدات ئەوان ڕاستەوخۆ پزیشک تۆمەتباردەکەن و ناوی دەزڕێنن.

لێپرسراوی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، ئاماژەبەوەدەکات زۆرجار خەڵک واتێگەشتوە نەخۆش کە هاتە نەخۆشخانە گیان لەدەستنادات.

ئارام ئەحمەد، ئاماژە بەوەدەکات کە نەخۆش و کەسوکاری نەخۆش دەبێت لە بابەتی کاری نەخۆشخانە و پزیشک تێبگەن: "ئەبێت خەڵک تێبگات ئەوەی پزیشک دەیکات باشکردنی باری نەخۆشە نەک تەمەن درێژکردن".

پزیشکێکیش سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەمەر ئەوەی کە بەلای خەڵکەوە ئاسایی نیە نەخۆش بمرێت لە نەخۆشخانە.

د.عەدنان تۆفیق، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ، دەڵێت: "ئەگەر نەخۆش لە نەخۆشخانە نەمرێت ئەی لە کوێ بمرێت؟ لە ماڵەوە بمرێت ئاساییە بەلایانەوە، بەڵام کە دێتە نەخۆشخانە بمرێت ئاسایی نیە بەلایانەوە! دەبێت هەمو کەسێک ئەوە بزانێت نەخۆشخانە شوێنی نەخۆشە و نەخۆشیش لە نەخۆشخانە دەمرێت، نەوەک وابزانن نەخۆش هاتە نەخۆشخانە ئیتر نابێت بمرێت".

ئەم پزیشکە وای وابەستە دەکات کە ئەگەر بە پێی ئەو بیرکردنەوە بێت کە نابێت نەخۆش لە نەخۆشخانە بمرێت، ئاوا دەبوایە کەسوکاری پزیشکان هەرگیز نەمردایەن و پزیشک خۆیشی هەرگیز نەمردایە.

باسلەوەشدەکات "لێرە نەخۆش هەبوە توشی جەڵدەی دڵ بوە پزیشکەکان هەوڵیان داوە ژیانی بپارێزن کارەبایان بۆ کردوە لەگەڵ چەند کارێکی دیکەی پێویست، بەڵام کەسەکە گیانیی لەدەست داوە کەسوکارەکەی بردویانە بۆ پزیشکی دادوەری وتویانە ئێمە گومانمان هەیە لە مردنەکەی!"

## ٦. سکاڵای سەر پزیشکەکان تەنها لەسەر گیان لەدەست دانن؟

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان سکاڵاکان لە دادگا دژی پزیشکان و تەندروستکاران جیاوازە چ لە دۆسیەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش یاخود لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتاری ناشایستە بەرامبەر بە هاوڵاتیان لە لایەن پزیشکان و تەندروستکاران.

لەسەر ئەم پرسەش پارێزەر: ئاریان عوسمان، ئاماژە بەوەدەکات کە مەرج نیە تەواوی سکاڵاکان لەسەر دۆسییەی گیان لە دەستدان بێت، هەندێکجار لەسەر هەڵسوکەوت وقسەی نادروست یان سوکایەتی پێکردن یان بەکارهێنانی دەستەواژەی نادروستە، لەم کاتەدا دۆسیەکە زانستی نیە راستەوخۆ کەسەکە دەتوانێت سکاڵابکات، پزیشکەکەش راپێچی دادگا دەکرێت، چونکە دۆسیەکە پەیوەندی بە کارەکەیەوە نیە کێشەکە لەم حاڵەتەدا شەخسییە واتە پەیوەندی بە کەسایەتیەوە هەیە نەوەک کارەکەی.

وتیشی: ئەگەر زانستی بو ئەوکات دەبێت لیژنە بەدواداچون بکات پاشان پزیشک یاخود تەندروستکارەکە راپێچی دادگا بکرێت.

## ٧. ئاستی رۆشنبیری خەڵک و زۆری سکاڵا لە بەرامبەر پزیشکان

سوکایەتی کردن بە پزیشک و کارمەندی تەندروستی لە لایەن هاوڵاتیان بوە بە کارێکی ئاسایی بە پێی وتەی پزیشکان، ئەمەش لێکەوتی خراپی دروستکردوە بە شێوەیەک بوە بەهۆکاری شکاندنی رێز لە نێوان پزیشک و نەخۆش.

د. سەنا محەمەد، پسپۆری نەخۆشیەکانی ژنان و منالبون باسی ئەو حاڵەتانە دەکات کە لەئەنجامی ناهۆشیاری خێزانەکانەوە رۆژانە روبەڕویان دەبێتەوە کە نەخۆشەکەش ژیانی لە دەست دەدات بەهۆکارێکی زانستی کە چی دوبارە دکتۆر تاوانبار دەکرێت و راپیچی بەردەم دادگا دەکرێت: "رۆژانە چەندین نەشتەرگەری سەرکەوتو دەکرێت ئێمە ناڵێین ئەمە منەتە، چونکە ئەرکی خۆمانە، بەڵام کاتێک بە دایکێک دەڵێین تۆ پێویست ناکات نەشتەرگەریت بۆ بکرێت وادەزانێت ئێمە بە ئەنقەست وای پێدەڵێین، دەڵێت دکتۆر پارەت پێدەدەین بەس نەشتەرگەری بۆ بکە! ئەمە نازانم ناو بنێم چی من لە ناوەندێکی حکومی ئەمەم پێ بڵێن بۆیە ئاساییە کە شتی دیکەش بڵێن".

لە هەندێک حاڵەت کار گەشتۆتە ئەوەی بە پزیشک بوترێت ئەگەر ئەم نەخۆشە بمرێت ئێمەش لەبری ئەو تۆ دەکوژین. لەسەر ئەم روداوە د. عەدنان تۆفیق پسپۆری نەخۆشیەکانی دڵ، دەڵێت: "یەکێک لەو نەخۆشانەی کە داخل بە بەشی فریاکەوتن کرا توشی جەڵدەی دڵ بوبو، بە شێویەک هێنابویانە نەخۆشخانە ئیتر ئەمەلی ژیانی نەمابو، کەچی کوڕەکانی هاواریان دەکرد ئەگەر باوکمان بمرێت دکتۆر ئێمەش تۆ دەکوژین، بۆیە ئەو پزیشکەمان ناچار نەخۆشخانەی جێهێشت ئەوکات وتی پێیان بڵێن باوکاتان گیانی لەدەست داوە، چونکە ئەو کەسە هەر مردبو هێنابویان، ئەبوایە پزیشکەکە رۆحێکی تری بۆ بکردایە بە بەری!".

## ٨. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

لەبارەی حاڵەتەکانی مردن لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان، بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان باس لەوە دەکات کە حاڵەتی مردن لەناو نەخۆشخانە بەندە بە ئاستی نەخۆشخانەو کەرتی تەندروستی، حاڵەتی گیان لەدەستدانیش لە نەخۆشخانە گشتیەکانی گەرمیان بە کەم دەزانێت نمونەش نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، و هۆکارەکەشی دەخاتە رو دەڵێت: " نەخۆشخانەیەک فریاکەوتنی نەبێت، نەشتەرگەری تێدا نەکرێت، وە بەشی ژنان و منالبونی نەبێت بێگومان نەخۆشی تێدا نامرێت".

بۆ نەخۆشخانەکانی دیکەی گەرمیانیش دەڵێت گیان لەدەستدان تێیاندا ئاساییە هۆکاریش ئەوەیە کە نەخۆشیە قورسەکان لێرە ناتوانرێت چارەسەر بکرێن وە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی.

مردنی دایکانی دوگیان وەک دەوترێت دەرخەری بەرزی ئاستی تەندروستی و هۆشیاری کۆمەڵگایە لە گەرمیان بەتەنها لە یازدە مانگی ئەمساڵدا سێ دایکی دوگیان لە هۆڵەکانی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و منداڵبون گیانیان لەدەست داوە.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەسەر ئەم حاڵەتانەی گیان لەدەستدانی دایکان لە گەرمیان باسلەوەدەکات کە ڕێژەی مردنی دایکانی دوگیان لە گەرمیان هێشتا کەمترە لە ئاست عێراق و ڕێژەی مردنی دایک بۆخۆی لە عێراق بەرزە، بەڵام بۆ ناوچەیەکی وەک گەرمیان ڕێژەکە نەگەشتۆتە ئاستێکی بەرز.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ڕێژەیە پەیوەستە بە هۆشیاری کۆمەڵگاو ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، د.سیروان محەمەد، دەڵێت: "مردنی دایکی دوگیان لەم کاتەدا بە پێوەر دادەنرێت بۆ لاوازی کەرتی تەندروستی لە هەر وڵاتێک یان هەرشوێنێک کە ئەم ڕێژەیەی تێدا بەرزبێت".

دەربارەی ئەوەی بۆچی ڕێژەی مردنی دایک لە گەرمیان بەم شێوەیە کە ئێستا هەیە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، رونی دەکاتەوە کە ئەم ڕێژەیە پەیوەستە بە هۆشیاری کۆمەڵگاو ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە وڵاتان، چونکە ئەم ڕێژەی کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی عێراق هەیە بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتو بەرزە.

هۆکارەکانی ئەمەش بەم شێوەیە دەخاتە ڕو یەکێک لە هۆکارەکان دەبەستێتەوە بەوەی ژنان ڕودەکەنە مامانەکان بەدەر لە پزیشکانی پسپۆر، د.سیروان محەمەد، دەڵێت: " هەندێک لە کێشەکان لە لای مامانەکان ڕودەدات واتە لەدەرەوەی نەخۆشخانەکان، دواتر کەسەکان دێنە نەخۆشخانە ئەوکات پزیشک ناتوانێت ڕاستەوخۆ لە حاڵی نەخۆشەکە تێبگات، چونکە پێشوتر هیچ شیکار و چاودێریەکی بۆ نەکراوە لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە و کارتی چاودێری نیە تا بزانرێت کێشە تەندروستیەکانی چین، ئەنجامی ئەمەش ئەگەری ڕوداوی نەخوازراو لەم حاڵەتانە زیاترە".

هاوسەرگیری پێشوەخە لە گەرمیان بەشێوەیەکی بەرچاو دەزانێت و بە بەهۆکارێکی دیاریشی دادەنێت بۆ گیان لەدەستدانی دایکانی دوگیان.

نەبونی کۆمەڵێک بەشی گرنگ لەناو نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بە یەکێک لە هۆکارەکانی دیکە دەزانێت، و دەڵێت: "ئەم نەخۆشخانەیە پێویستی بەوەیە فراوانتر بکرێت، پێویستی بەوەییە هەندێک بەشی دیکەی تێدا بکرێتەوە وەک بەشی چاودێری ورد لەگەڵ بەشی نابەکام وە لەسەرو ئەمانەشەوە پزیشکی نیشتەجێی خولاو(مقیم) و پزیشکی نیشتەجێی دێرینی(مقیم اقدم) تێدا نیە کە زۆر پێویستە هەبن لە نەخۆشخانەکە".

سەبارەت بە بەشی ژنان و منداڵبون لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، لە قەزای کفری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی دەڵێت: "لەبەر نەبونی پزیشکی بێهۆشکار پزیشکی نیشتەجێ خولاو(مقیم) و پزیشکی نیشتەجێ دێرینی(مقیم اقدم) لەو نەخۆشخانەیە نەشتەرگەری ناکرێت، بەڵام پزیشکی ژنانی هەیە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە وکەمکردنەوەی حاڵەتەکانی مردنی دایکانی دوگیان بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر لایەنی تەندروستیەکەی باسلەوەدەکات کە ئێستا لە تەواوی مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان بەشی چاودێری ژنانی دوگیانمان کردۆتەوە وە دەورێکی باشی هەبوە: "سیستەمی چاودێری ژنانی دوگیان ئێستا لەناو هەمو مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان پەیڕەودەکرێت، ئەوانەشی کە ناڕۆن ئەوانەن کە خۆیان زانیاریان نیە، بۆیە پێویستمان بەوەیە لەناو خەڵکدا هۆشیاری تەندروستی بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی لە مەڵبەندە تەندروستیەکان خۆیان تۆمار بکەن".

بۆ بابەتی هاوسەرگیری پێشوەختە رێگریەکانیان و ڕۆڵی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی بۆ ئەم کێشەیە د.سیروان محەمەد، ئەوە دەخاتە رو کە ئاین کاریگەری هەبوە لەسەر لیژنەکانیان و دەڵێت: "لیژنە پزیشکیەکانم ئاگەدار کردۆتەوە بە نوسراوی رەسمی کە بۆ خوار ئەو تەمەنە هیچ ئیشێکیان بۆ نەکەن، بەڵام کۆمەڵێک لە پزیشکان بە حکومی لایەنی دینیان، ئەم بابەتەیان ئاڵۆزکردوە".

پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی گلەیی زۆریان هەیە لەوەی کە بەبەردەوامی لە لایەن هاوڵاتیانەوە روبەڕوی سکاڵالێکردن دەبنەوە بەتایبەت لە دۆسیەکانی گیان لەدەستدان، لەسەر ئەمە بەڕیوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان د.سیروان محمەد، دەڵێت: "من هانی هەمو هاوڵاتیەک دەدەم کە ئەگەر هەستی بە کەمتەرخەمی کرد سکاڵا تۆمار بکات لە لیژنەکانمان".

بۆ بەدواداچونی لیژنەکانیشیان لەسەر کەیسەکان، وتی: "ئێمە کارێکمان کردوە کە لەهیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان نیە ئەویش ئەوەیە کە لیژنەکانمان وزارین واتا لەناو گەرمیاندا لیژنەی بۆ دروست ناکەین، بەڵکو پزیشک لە دەرەوەی گەرمیان دەهێنین لە هەولێر لە سلێمانی بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەکە هیچ کۆنتاکتێکیان لەگەڵ ئێرەنیە، بۆ ئەوەی خەڵک نەڵێت پزیشکانی لیژنەکە هاورێ پزیشکی سکاڵالێکراوە و کەیسەکە بە سودی ئەو کۆتایی پێدێنن".

لەسەر ئەنجامی دوسیەکانی مردنی دایکانی دوگیان لەم ساڵدا د.سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەنجامەکان دەرخەری ئەوە بون کە پزیشکان هۆکار نەبون لەو سێ حاڵەتەی گیان لەدەستدان: "بە پێی ئەنجامی لیژنەکان هۆکارەکە یان نەبونی کۆمەڵێک کەرەستە و پێداویستی بوە یان هۆکاری زانستی بوە لیژنەکان تاوەکو ئێستا نەیان وتوە پزیشکەکە کەمتەرخەم بوە"

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان:

بۆ ئەم رێژەی مردنەی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان هەیە بە دیاریکراوی مردنی ژنان کۆمەڵێک هۆکار دەوری سەرەکیان بینوە چ هۆکاری تەندروستی بێت یاخود هۆکاری کۆمەلآیەتی پەیوەندی دار بە ئاستی رۆشبیری کۆمەڵگاوە. بۆ ئەمەش پێویست دەکات هەردو لایەنەکە بەهەند وەربگرین تاوەکو بتوانین حاڵەتەکانی گیان لەدەست دان کەم ببێتەوە.

پاش خوێندنەوەی ئەم راپۆرتەش، دەبینین کە دو ئاستی گیان لەدەستدان هەیە، یەکەمیان گیانلەدەستدانی ژنانی دوگیانە، ئەوەکەی دیکەیان هاوڵآتیانی دیکەیە، کە ئەوەی یەکەمیان لە گەرمیان دا بەرچاو ترە. بۆیە هەردو ئاستەکە لە خوارەوە دەخەینەڕو:

### یەکەم: گیان لەدەستدانی دایکانی دوگیان

هۆکارەکانی پەیوەست بە تەندروستیەوە

ا) نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب وەک سەنتەرێکی گشتییە بۆ ژنانی دوگیان و مناڵبون لە گەرمیان، بۆیە پێویستە هەوڵی تەواوبدرێت لە کردنەوەی بەشە گرنگەکان تێیدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نەخۆشخانەکە تاوەکو حاڵەتەکانی مردنی دایک چی دیکە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری نەبونی پێداویستی و بەشەوە نەبێت.

ب) ئەو بەشانەی کە نەبونیان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان ومناڵبون بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی لە کاتی دروستبونی مەترسی لەسەر ژیانی دایکان ومناڵەکانیان نەتوانرێت کۆنترۆڵی حاڵەتەکەیان بکرێت ئەمانەن : "نەبونی بەشی فریاکەوتن تایبەت بەژنان لە ناو نەخۆشخانەکە (ئیمرجنسی)، بەشی چاودێری ورد بۆ ئەودایکانی کە پێویستە لە ژێرچاودێری ورد بن نەک لە قاوش داخل بکرێن  وەبەشەکانی بانکی خوێن کە پێویستیەکی دیکەی نەخۆشخانەکە یە لەگەڵ بەشی خودەج کە تایبەتە بە مناڵی نابەکام.

### هۆکارەکانی پەیوەست بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاوە

ا) هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان وکوران کاریگەر خراپ لەسەر جەستەیان بەجێدەهێڵێت بۆ ئەم بابەتەی ئێستاش کچان لە چاوارچێوەی بابەتەکەدان، وە بەڕێژەیەکی بەرچاو مردنی ژنانی دوگیان لەناو ئەو دایکانە بەرزە کە هاوسەرگیری پێشوەختەیان کردوە بەهۆی ئامادەنەبونی جەستەیان.

ب) پێویستە لیژنە پزیشکیەکان لە ژێر هیچ پاساوێکی ئاینی وازۆ لەسەر بەشودانی کچانی خوار تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری نەکەن بۆ ئەوەی دواتر حاڵەتی مردنی دایکەکەی بەدودانەیەت.

ت) ناهۆشیاری تەندروستی دایکانی دوگیان لە روی نەبونی زانیاریان لەسەر ماوەی دوگیانی پەیرەونەکردنی خۆپاراستن وە دانەنانی سیستەمێکی گونجاو بۆ خواردن و وەرزشکردن بۆ ئەمەش پێویستە بەهەمان شێوە هۆشیاری تەندروستی بڵاوبکرێتەوە هانی دایکان بدرێن کە خۆیان تۆماربکەن لە بەشەکانی چاودێری ژنانی دوگیان کە ئێستا لە مەڵبەندە تەندروستیەکان کراوەیە بە روی دایکانی دوگیان.

**دوەم: گیان لەدەستدانی دیکە**

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەماندا ئاماژەمان بە حاڵەتەکانی مردن کردوە لە نەخۆشخانەکانی (شەهید خالید گەرمیان لە قەزای کفری، نەخۆشخانەی گشتی کەلار، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار) کە تێیدا حاڵەتەکانی مردن لەناو نەخۆشخانە کەمە، هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشخانانە توانای کارەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە توانای وەرگرتنی بەشێکی زۆری نەخۆشیان نیە وەک لە راپۆرتەکەدا پزیشکانی پسپۆری نەخۆشخانەکە ئاماژەی پێدەکەن.

بۆ ئەمەش پێویستە:

نەخۆشخانەکانی گەرمیان ئاستی توانانی وەرگرتنی نەخۆشیان نزمە پێویست دەکات گەرمیان نەخۆشخانەیەکی کوالێتی بەرزی تێدا بکرێتەوە کە بتوانێت زۆرینەی نەخۆشەکانی گەرمیان لە خۆبگرێت چونکە توانای ئەم نەخۆشخانانەی ئێستا لەبەر بچوکی بینا وکۆنی بیناکانیان ناتوانرێت بەشێوەیەکی گونجاو ئاستیان بەرزبکرێتەوە.

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار تەواوی حاڵەتە قورسەکان دەنێرێتە نەخۆشخانەکانی سلێمانی ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی توانای وەرگرتن و مانەوەی ئەو ناخۆشانەی نیە کە سەرئەنجام زۆرێک لەو نەخۆشخانە یان لە رێگەی ناردن گیان لە دەست دەدەن یاخود لە ناخۆشخانەکانی سلێمانی، نمونەش دەبینین ئاماری قوربانیانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان جیاوازە بەراورد بە ئاماری قوربانیانی هاتوچۆی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە قەزای کەلار.

مردنی تەنها یەک نەخۆش لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری لە یانزدە مانگی ئەمساڵدا ئەوەمان پێدەڵێت چالاکی و بینینی نەخۆش و داخلکردنی نەخۆش ژمارەی نەشتەرگەریەکانی لە ئاستی پێویست نیە، هاوڵاتیانیش متمانەیان لاواز بوە بەرامبەر بەم نەخۆشخانەیە، هەربۆیە پێویست دەکات نەخۆشخانەکە چالاکبکرێتەوە لایەنی ئیداری و تەندروستیەکانی ناوچەکە هەوڵ بۆ بوژانەوەی ئەم نەخۆشخانەیە بدەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە**

**٣. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی**

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ – ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org